www.kurdistannet.org
1-6-2003 1:52

# مەرگی سەوز

ئازاد ئەرگۆشی

ماوەیەك بوو بەشوێن گۆڕی خۆشەویستەکەیدا دەگەڕا، تاکو ڕۆژێك لەڕۆژان لەناو بازار گوێی لەدێوەرەیێك بووکەدیگوت : گۆڕی خۆشەویستەکەی کەوتوتە نیوان گۆڕی دوو قارەمان، بە لای خۆیەوەگوتی " ئەم ولآتە پڕ لە قارەمان ". دیسان گوێی بۆ شل کردن بەڵکو گوێی لەشتیکی تازە بیت، پیاوێکی ترگوتی یەکێك لەقارەمانەکان پیاوێکی بالآبەرزە، گۆڕەکەی لە گشت گۆڕەکانی گۆڕستانە کەگەورەترە، دەڵێن نیوسەدە لەمەو بەرشەهیدکراوە. کەگوێی لەم قسەیە بوو، بۆی دەرکەوت چیتر پیۆیستی بەگەڕان و سوران نییە، زۆر بەئاسانی دەتوانێ گۆڕی خۆشەویستەکەی بدۆزێتەوە. بەبێ ئەوەی بزانێ چ چارەنووسێك چاوەڕێی دەکات تەواوی ڕێگا بەپێیان ڕۆیشت، هەرچەند جاربەجارکەئۆتوموبیلێك تێدەپەڕی دەستی بۆ ڕادەگرت بەلآم هیچ یەك لە ئۆتوموبیلەکان نەوەستا، چونکە هەموو کەسێك ناتوانێ سواری ئەم جۆرە ئوتومبێلانە ببێت-!!!

بە هەرکولە مەرگییەك بوو خۆی گەیاندە پردەکە، کەگەیشتە پردەکە دەتگوت تازە لەدایك بووە، چونکە خۆشەویستەکەی لەو دیوی پردەکە بوو، کاتێ لە سەر پردەکە تێدەپەڕی لە خۆشیا ئەوەندە نەما بوو بفڕێ، کەپاش ماوەیەکی دووردرێژ گۆرە ونبووەکەی دۆزیوەتەوە بەجۆرێ کە هەستی بەماندوو بوون نەدەکرد. بەبێ ئەوەی سەرنج بداتە پاسەوانی پردەکە لەپردەکە پەرییەوە. پاسەوانەکە بە بەزییەوە سەری باداو و گوتی " شێتە " کاتێ لە پردەکە پەرییەوە خەریك بوو ڕۆژ ئاوا دەبوو، قسەی داپیری وەبیر هاتەوە کە دەیگوت " خەماناکترین و پڕ نەهێنیترین ساتەکانی ژیانی مرۆڤ ئەوکاتەیە کە ئێواران لە گۆڕستاندا لە سەرگۆری ئازیزەکەی دابنیشێ و خەریکی تەماشا کردنی ڕۆژئاوا بێت ".

قەت ئەو ساتەی تاقی نەکرد بووە، هەربۆیەش پەلەیبوو، بۆئەوەی پێش ڕۆژئاوا بوون ئەو ساتە بەچاوی خۆی ببێنیت.

بیری لەوە دەکردەوە کەدەبێ گۆڕیخۆشەویستەکەی لە کوێی گۆڕستانەکە بێت. بەلآم هەر لە یەکەم سات کە چووە ناو گۆڕستانەکە سەرنجی دایە گۆڕێکی گەورە، دیاربوو لەهەموو گۆڕەکان گەورەتربوو، زانی کەگۆڕی قارەمانەکەیە، قسەی خەڵك ڕاست بوو گۆڕی قارەمانەکە لەهەموو گۆڕەکان گەورەتر بوو تەنات کێلەکانیشی بە پەلە خۆی گەیاندن گۆڕەکە دلنیا بوو ئەو گۆڕەی لە تەك گۆری قارەمانەکە دایە گۆری خۆشەویستەکەیتی چونکە یەکێك لە کێلەکانی لار دانرا بوو لە زۆربەی گۆڕستانەکان بۆ ئەوەی گۆری ژن و پیاو لێك جیا بکرێنەوە یەکێك لە کێلەکانی گۆری ژنەکان لار دادەنرێت. لە تەك گۆڕەکە دانیشت کیلەکەی گرتە باوش پڕ بە دل دەستی کرد بە گریان، هەروا کە هێدی، هێدی خەریکی فرمێسك ڕیشتن بوو خۆر ئارام ئارام ئاوا دەبوو، دنیا بەرەو تاریکی دەڕۆیشت. قسەی داپیری وەبیر هاتەوە، کە هەمیشە پێی دەگوت " ڕۆڵە هەر کاتێ لە سەفەر دا، تاریکیتان بە سەردا هات ئەگەر ئاوای نەبوو باشترین شوێن بۆ حەوانەوە گۆڕستانە. قسەی داپیری ڕاست بوو چونکە هەر چەند دنیا بەرەو تاریکی دەڕۆیشت زیاتر هەستی بە هێمنایەتی دەکرد.

بە لای خۆیەوە گوتی بە ڕاستی لەزەت بەخشە، مرۆڤ لەو پەری هێمنایەتیدا بۆ خۆشەویستەکەی فرمێسك دابارێنی. ڕوومەتی لە سەر خوڵی گۆڕەکەی دانا، بە دڵنیاییەوە دەگریا، ئەوەند گریا تا لەسەر گۆڕی ئازیزکەی بورایەوە. کاتێك وە خۆهاتەوە کەدەست و پەنجەیەکی بە هێز قژی گرت و بە دوای خۆیدا ڕایکێشا زۆری هەوڵدا قژی لەبەر دست دەرێنێ، بەلآم بێ سود بوو.

هەر ئەوەندەی بینی لەدەرەوەی گۆرستانەکە کەوتە بەر شالآوی شەق و پێ، لە کاتی لێدان پیاوێك بە دەنگێکی گڕ پێی گوت " گەوجی بێ مێشك مەگەر نازانی نابێ بێیتە ئەم گۆرستانە، هەستە لێرە بڕۆ تانەم کوشتی " بە هەر کولە مەرگییەك بوو لە شوێنی خۆی هەستاو بە ڕێکەوت بەبێ ئەوەی بزانی بۆ کوێ دەڕوات. ماوەیەك ڕۆیشت، نەیدەزانی لەکوێیە، شەوێکی تاریك و بێدەنگ، ئەوەندە بێدەنگ کە دەیتوانی گوێبیستی دەنگی هەناسەی خۆی بێت. پاش ماوەیەك ڕۆیشتن هەستی کرد چیتر ناتوانێ درێژە بەڕۆیشتن بدات، زۆر ماندوو بوو، هەموو گیانی ژانی دەکرد، لە سەرتاشە بەردێك ڕاکشا، تەماشای ئەستیرەکانی دەکرد.

www.kurdistannet.org
1-6-2003 1:52

ئاسمان پاك و بێ گەرد بوو، ئەستیرەكان لەپانتایی شینی ئاسماندا دەدرەوشانەوە، ئەوەندە دڵی توندبوو كەئارەزوی دەكرد كەبریا دوو باڵی هەبووایە بۆ ئەوەی بیداتە شەقەی باڵ و بەرەو ئەستێرەكان بفرێ بەڵكو بتوانێ لەوێ لە ناوئەستێرەكان خۆشەویستەكە بدۆزێتەوە، مەگەر نالێن هەر كەسێك لە ئاسماندا ئەستێرەیەكی هەیە كەواتە دەبێ یەكێك لەئەستێرەكان هی خۆشەویستەكەی بێت.

دنیا وورده وورده رووناك دەبوو، مانگ بوو كە هێدی هێدی لەودیوی چیاكانی سەركەش هەڵ دەهات، هەروا كەخەریكی تەماشاكردنی دەركەفتنی مانگ بوو دەنگی نوزەی سەگێك كەزیاتر بە دەنگی ناڵەی مرۆڤێكی بریندار دەچوو سەرنجی راكێشا، لە شوێنی خۆی هەستا تەماشای دەورو پشتی كرد، هەستی كرد خاوەنی دەنگەكە لێی نزیكە، دیسان دەنگی نوزەی سەگەكە بەرز بووەوە، لەتاشە بەردەكە دابەزی، لەوكاتەی دابەزی چاوی بە سەگێك كەوت كەلەژێر تاتەكەدا ڕاكشا بوو. لموزی لە سەر هەر دوو پەنجەكانی دانابوو، كاتێ سەگەكە هەست بەبوونی ئەوكرد چاوەكانی هەڵێنان، بەبێ ئەوەی سەری بەرزكاتەوە نوزەیەكی هەڵێنا، دەستی كرد بە جوڵاندنەوەی كلكی لە تەك سەگەكە دانیشت، دەستی كرد بەنەوازشت كردنی سەگەكە چەند جاردەستی بە سەر پشتی سەگەكە داهێنا، سەگەكە كلكی بادا، لەكلك بادانی سەگەكە بۆی دەركەوت كە دوا هەناسەكانی ژیانیەتی. دەستی بە لموزی سەگەكە داهێنا وگوتی " خۆزگەم بە خۆت، ئاسودە دەبیت " كێ دەزانی رەنگە تۆی بەسەزمانیش لە خۆشەویستەكەت جیایان كردبێتیەوە، كاتێ قسەكەی تەواو بوو سەگەكە چاوەكانی هەڵێنان گوێكانی قیت كردەوە، باوەشكێكی كرد، لە سەر پەنجەكانی وەستا، پاشان وەك گورگ لورەیەكی كرد و هێدی هێدی بە سەر پەنجەكانی داهاتەوە و هەناسەی بڕا.

دیارە بەسەزەمانەی ئەوێش ئازیزەكەی بە دەست گورگانی دڕندە قوربانی كرا بوو. دەستی بە كلكی سەگەكەدا هێنا، كوركی كلكەی زۆر نەرم و خنجیلانە بوو، كە ئەوەی خستەوە یادی ڕیشی باپیرەكەی كاتێ منداڵ بوو باپیری دەیكردە باوەش ئەویش بە پەنجە ناسكەكانی گەمەی بەڕیشی باپیرەكەی دەكرد و پێی دەگوت" باپیرە ریشت زۆر درێژە ". ئەویش دەیوت " هی باوكم درێژتربوو، ڕیشەكەی بە قەد كلكی گورگ درێژ بوو " لە شوێنی خۆی هەستا بە سەگەكەیگوت " خۆزگەم بە خۆت ئاسودە بووی ". پاشان بەبێ ئەوەی بزانی بۆ كوێ دەڕوات لە ژێر رووناكی مانگە شەو بەرەو بەرزایی كێوەكە هەڵكشا. نەیدەزانی بۆ ئەو ڕێگایەی هەڵبژارد تەنیا شێتك كە بەمێشكی دادەهات ئەوەبوو كەدەبێ بڕوات، بۆ كوێ ؟ نەیدەزانی. ماوەیەك خەریكی ڕۆیشتن بوو تاگەیشتە ئەشكەوتێك، بەدیتنی ئەشكەوتەكە قسەی داپیری وەبیرهاتەوە كەلەسەردەمی منداڵییەوە بۆی باس كردبوو داپیری هەمیشە لە شەوەكانی درێژی زستان دا یەكێك لەسەرهاتەكانی باپیری بۆی دەگێڕاوە. داپیری دەیوت " باپیری لە ناو ئەشكەوتێك داتووشی ورچێك دەبێت ورچەكە دەیخنكێنێ، دەیوت باپیری پاڵەوانێكی ناودار بوو. كاتێ چووە ناو ئەشكەوتەكە هەست بە هێمنایەتی كرد. دەتگوت گەڕاوەتەوە شوێنی لە دایك بوونی، وەك مرۆڤێك كە بۆ ماوەیەكی دورو درێژ لەماڵەوە دوركەوتبێتەوە بەخۆشحالێیەوە چووە ناوئەشكەوتەكە. ناوەوەی ئەشكەوتەكە لە بەر رووناكی مانگە شەو دیمەنێكی دڵرفێنی بەدیهات بوو. ماندوو شەكەت لەسەر خۆڵە نەرمەكەی ئەشەكەوتەكە دانیشێت. هەناسەی لە قەفەسی سنگیدا ڕاگرت گوێ بۆ بێدەنگی شەو شل كرد. هیچ دەنگێك نەدەهات تەنیا دەنگی كەوتنە خوارەوەی دڵۆپەكانی ئاو نەبێت، كەلەبانی ئەشكەوتەكە دەتكانە خوارەوە. باپیری هەمیشە دەیوت " گەورەترین ڕاستیەكان لەبێدەنگیدا دەدۆزرینەوە " ئەم بێدەنگییە بۆی ئارام بەخش بوو، كەمیك ئەندامەكانی لەشی ڕاكشا، دەستی بە قژە ئالۆزەكەیدا هێنا، لەكاتی ڕێكخستنی قژەكەی ژێر پەنجەكانی تەر بوون، تەماشا دەستی كرد، پەنجەكانی لە خوێن سوور ببوون، دەستە خوێناوییەكەی بە دیواری ئەشكەوتەكە داهێنا و ناڵەیەكی كرد، لە كاتی بەرز بوونەوەی دەنگی ناڵەكەی لە بنەوانی ئەشكەوتەكە دەنگێك پێی گوت " ناڵەكانی تۆ ئازارم دەدەن، شاد بە تا منیش شادبم "دەنگە كەئاشنا بوو، وەك شێتان لەشوێنی خۆی هەستا، چاوی بڕییە بنەوانی ئەشكەوتەكە خۆشەویستەكەی بوو، وەك یەكەم ڕۆژی زەماوەندەكەی، بە جل و بەرگی سپی بەرە و رووی دەهات، زەردەخەنەیەكی شیرین لەسەرلێوی بوو، هەوڵیدا بچێتە پێشوازی، بەڵام قاچەكانی بێ هێز ببوون توانای ڕۆیشتنیان نەبوو. تەنیا كارێك كەلەم ساتە مەرگەساتەدا دەیتوانی بكات ئەوە بوو، كەباوەشی بكاتەوە، لێی دەپاڕاوە كەبێتە باوەشی، كاتێ خۆشەویستەكەی هاتە ژێر رووناكی مانگەشەو و وەستا، دەتگوت فریشتەیە، دەستە ناسكەكانی بەرەو خۆشەویستەكەی درێژ كرد، داوای لێدەكرد ئەویش چەند هەنگاوێك بەرەو پێشەوە بڕوات بەڵام توانای نەبوو، بۆیە خۆشەویستەكەی گوتی " دەڵێن بەدیتنم شادمان نیت، بۆ ناهێیتە پێشەوە، پێت زۆرە

www.kurdistannet.org
1-6-2003 1:52

دوو هەنگاو بێیە پێشەوە ؟ من ئەورێگا دورو درێژەم بریوە بەڵام تۆ دوو شەقاوت پێ زۆرە ؟ وەرە پێویستم بەگەرمایی دەستەکانی تۆیە ". نەیدەزانی چی بکات، هەر ئەوەندەی پێکرا بەچاوە پڕفرمێسکەکانی، بەو پەڕی نائومێدی لە شوێنی خۆی دانیشت. خۆشەویستەکەی‌گوتی " تابەم شێوەیە بێ هێزو ناتەوان بی هەرگێز ئەم بۆشاییەی بەینی من و تۆ پڕ نابێتەوە، پاشان وورده وورده لێی دوور کەوتەوە پێش ئەوەی بە یەکجارەکی بڕوات بە دەنگێکی لەرزۆکەوە گوتی " بهێڵە بە ئاسودەیی بنووم " پاشان بە هێمنی لە ئەشکەوتەکەدەرچو، وەکوکوترێکی سپی دایە شەقەی باڵ و بەرەو مانگ هەڵفڕی. لەو کاتەدا تەنیا کارێک کەتوانی بیکات بە تاسەوە تەماشای فڕینی خۆشەویستەکەی دەکرد تاکو لە رووناکی مانگە شەودا وون بوو. لە شوێنی خۆی هەستا بە چاوەکانی پڕ لە فرمێسک بەدوای خوشەویستەکەی دا دەگەڕا، کاتێ لە ئەشکەوتەکە هاتە دەرەوە چاوی بە جلو بەرگی خۆشەویستەکەی کەوت کە شەوی زەماوەندەکەی لە بەری کردبوو. زۆر بە هێمنی دا چەماوە جلو بەرگەکانی هەڵگرت و خستە باوەشی بۆنی کرد، هێشتان بۆنی لەشی خۆشەویستەکەی کەلەشەوی زەماوەندەکە بەهەموو بوونییەوە خستبووە بەر دەستی لە جلوبەرگەکان دەهات. وەک مرۆڤێک کە شتێکی گران بەها دۆزیبێتەوە تەماشای دەروبەری دەکاو پاشان زۆر بە ئەسپایی دەڕواتە ناو ئەشکەوتەکە، لەناوئەشکەوتە ڕاکشاو جل و بەرگەکانی لە ژێر سەری دانا، دەستی کرد بەگریان. پاش ماوەیەک گوێی لەدەنگی لێدانی دڵێک بوو، ترس هەموو گیانی داگرت چونکە دلێنا بوو بێجگە لە خۆی کەسی تر لە ناو ئەشکەوتەکەدا نییە، کەواتە دەبێ دەنگی دڵی کێ بێت ؟ دلنیا بوو دەنگی دڵی خۆی نییە، جل وبەرگەکە بە لاوەنا.

دەنگی لێدانی دڵەکەی بۆ ئاشینا بوو، دەنگی لێدانی دڵی دایکی بوو، ئەو دەنگەی کە لە سەردەمی منداڵی دا کاتێ گوێی لێدە بوو زۆر بە همێنی خەوی لێدەکەوت، و پڕ بە دڵ هەستی بە خۆش و ئاسودەیی دەکرد. ئیتر گومانی تیا نەبوو کە دەنگی لێدانی دڵە کە هی دڵی دایکیتی، بەڵام لە کوێ دەهات نەیدەزانی لە شوێنی خۆی دانیشت، چاوی بە جل و بەرگی بوکێنی خۆشەویستەکەی کەوت، کە هێدی هێدی لە ژێر رووناکی مانگە شەو بەرزو نزم دەبوونەوە لەبەرخۆیەوە گوتی " رەنگە ئەم دەنگە هی جل و بەرگەکان بێت. بە سەر جل و بەرگەکان دا چەمایەوەو گوێی بۆ شل کردن، بەهەڵەدانەچووبوو دەنگەکە هی جل وبەرگەکان بوو !! بە ترس و لەرزەوە لە شوێنی خۆی هەستا، بە پەلە لە ئەشکەوتەکە کە چووە دەرەوە، لە سەر

تاشە بەردێک لە ژێر رووناکی مانگە شەو دانیشت. چاوی برییە جلەکان ئیتر دەنگی لێدانی دڵ نەمابوو جلەکان نەدەجولان لە جیاتی خورپەی لێدانی دڵەکە، لە بناوبنی ئەشکەوتەکە دەنگی لایە لایەی دایکی دەهات. دەنگێ بە جۆرێ ئارام بەخش بوو کە هەستی کرد تازە لە دایک بووە، وەک سەردەمی منداڵی بە دەنگێکی بەرز یەک دوو جار بانگی دایکی کرد، بەو پەڕی خۆشحاڵییەوە چووە ناو ئەشکەوتەکە، بەڵام چی تر دەنگی لایە لایەی دایکی نەدەهات، جلەکان نەدەجولان، لە شوێنی خۆی دانیشت، زۆر بە همێنی دەستی بەرەو جلی بوکینی درێژ کرد لە کاتی دەست لێدان بینی جلەکان وەک کیسەی سوتاوی لوکس وا بوون، ببوون بە خۆڵەمێشکی بە پەلە خۆڵەمێشەکەی لێکدا، پاش چەند جار سەرو ژێر کردنی خۆڵەمێشەکە شتێکی ڕەق کەوتە بەردەستی شتە ڕەقەکەی دەرهێنا گوللە بوو !! وەکو ئەو گوللەی کەدڵی خۆشەویستەکەی لەکار خستبوو. چەندجار گوللەکەی لە ناوپەنجەکانی‌گوشی، پاشان بە هەموو هێز و تواناى. تۆڕی دایە بنەوانی ئەشکەوتەکە بەدەستەکانی شەلاڵ بەخۆڵەمێش روخسارەکەی داپووشی، دەستەکانی بونی جەستەی خۆشەویستەکەی لێدەهات خێرا خۆی گەیاندە خۆڵەمێشەکە، رووخساری خستە ناو خۆڵەمێشەکەوە، بە هەموو توانای بۆنی کرد، دەستی کرد بەگریان، لە گریانەکەی خۆیدا خەوی لێکەوت. نزیکەی بەرەبەیان، لەخەوهەستا گوێی لەدەنگی لا لای دایکی بوو کە لەگەڵ دەنگی شەپۆلەکانی دەریا تێکەڵاو ببوو، ئەم جارە بۆ دۆزینەوەی خاوەنی دەنگەکە هیچ هەولێکی نەدا، خەوی دەهات، دووبارە لە سەر خۆڵە نەرمەکەی ئەشکەوتەکە ڕاکشا ئەوەندەی پێ نەچوو خەوی لێکەوت. لە خەونا بینی لە گەلییەکی سەر سەوز دا وەیلان و سەر گەردانە بەبێ ئەوەی بزانی بۆ کوێ دەڕوات. پاش ماوەیەک ڕۆیشتن چاوی بە کانیە ئاوێک کەوت، کاتێ لەکانیەکە نزیک کەوتەوە کچێکی بینی کەلەسەر لێواری کانیەکە دانیشتووە. چەند هەنگاوێک مابوو بگاتە سەرکانیەکە، کچەکە چاوی پێکەوت، بەچاوی تەژی فرمێسکەوە تەماشای دەکرد. کچەکە ترسی لێنیشتبوو، لەترسا هەموو گیانی دەلەرزی، خەریک بوو بەرەودواوە دەکشاوە هەوڵیدا کچەکەی هێور کاتەوە و تێبگەینێ کەبەتەمای ئازار دانی نیە. بە هێمنی پێی گوت " ئەو کاتەت باش "، کچەکە وەڵامی نەداوە. تەنیا لە شوێنی خۆی وەستا، دەتگوت توشی تایەکی سارد بووە، بە جۆرێ کە دەنگی قرچەقرچی ددانەکان کە لە سەرما پێک دەکەوتن دەهاتە گوێێ، پیاوەکە

زۆر بە هێمنی لە سەر قورمە دارێك دانیشت چاوی بڕییە ئاوی زوڵاڵی كانیەكە. پاش ماوەیەكی كورت سەری هەڵبڕی، هێشتان كچەكە لە شوێنی خۆی وەستا بوو. دەتگوت بزمار كوتیان كردەوە. پیاوەكە چاوی بڕییە چاوەكانی، چاوەكانی پڕبوون لەخەم، باسیان لەخەمێكی گەورە دەكرد، كە لەو دیوی برژانگەكانی خۆی حەشار دابوو. زۆر بە هێمنی لێی پرسی " تۆ چ دەكەی لێرە ؟ "

كچەكە پاش ماوەیەك بێ دەنگی بە دەنگێكی كز گوتی " تۆ چی دەكەی لێرە ؟ "

پیاوەكە گوتی " وون بوویێكم هەیە بە دوایدا دەگەڕێم. "

لێرە .... ؟

نازانم ....... .

بەڵام بۆ هاتویتە ئێرە ؟

وەرە دانیشە با پێت بڵێم.

كچەكە دڵنیا نەبوو نەیدەزانی چ بكات. بەڵام پاش ماوەیەكی كورت بریاری داو ڕوو بەرووی پیاوەكە دانیشت. ڕوخساری لە گەڵ شەپۆلەكانی ئاوی كانیەكە بەرز و نزم دەبووەوە.

سەرەتا وایزانی كە بێ ئوقرە چاوەڕوانی وەڵامی پرسیارەكەیەتی بەڵام بە هەڵەدا چوو بوو، كچەكە لەشوێنێكی تربوو لەدنیایەكی تردا دەڕۆیشت، شێوەی تەماشا كردنی كچەكە سەرنجی ڕاكێشا، ویستی بزانی تەماشای چیدەكات، سەری داخستبوو وەك مرۆڤێكی تاوانبار تەماشای پێشەوەی دەكرد، بە لای خۆیەوە گوتی " كێ دەزانی ڕەنگە ئەویش لە خەیاڵی خۆیدا بەشوێنی وون بووەكەیدا دەگەرێ كێیە ؟ چیە ؟ لە كوێیە ؟ نازانێ ". كاتێ بە ووردی بەدوای نیگای كچەكەدا چوو چاوی بە گوڵێكی سوور كەوت، گوڵێكی سوور كەیەك دوو هەنگاو لێی دوور بوو، ڕەنگی وەك خوێن وابوو، دڵۆپە شەونم لە سەر پەلكەكانی نیشت بوون. دەبریسكانەوە، پاك و درەخشان وەك ئەو دڵۆپە فرمێسكەی لە چاوەكانی دەهاتنە خوارەوە، كچەكە ئەوەندە بە قوڵایی چوو بووە ناو دینای گوڵەكەوە كەئاگای لە دەوور و بەری نەما بوو، بە تەواویی لە دەوروبەری خۆی دابڕا بوو. پیاوەكە بە لای خۆیەوە گوتی " تەنیا شتێكە، كە بە درێژای تەمەنم بە دوایدا دەگەڕێم دابڕانە، دابڕان لە خۆم، لە یەك شت دڵنیام تەنیا شتێك دەبێتە هۆی دابڕان لە ژیانی مرۆڤ دا، ئەویش جوانییە، هەر بوویەش مرۆڤ بە درێژای مێژوو بە دوای جوانیدا ویڵە ". لەنە دۆزینەوەی جوانییەكە مرۆڤ پەنا دەبات بۆ دروست كردنی خواوەندی جوانی. چونكە مرۆڤ نەتوانێ پەی بەجوانی خۆی ببات و بیدۆزێتەوە. بۆ دۆزینەوەی جوانی بە شوێنێكی تردا دەگەڕا كە سەر ئەنجامەكەی دابڕان بوو دابڕان لەخۆی - كێ دەزانی ڕەنگە ئەم كچە جوانە بە دوای جوانی گوڵە سوورەكەدا بێت خۆدەشیێ جوانی گوڵ مات و حەیرانی كردبێ.

هەرچی زیاتر تەماشای دەكرد زیاتر دەگریا، پیاوەكە پرسی " بۆ دەگرییێ .... ؟ "

بە شەرمەزارییەوە فرمێسكەكانی سڕییەوە و گوتی " ناچارم ".

لە بەر چی ؟

ئەم گوڵە یادەوەری كۆمەڵێك لەبیرەوەرییەكانە. دیسان سەری داخست و بێ دەنگێكی سەیر باڵی بە سەر گەلەكەیدا كێشا. بەڵام بێ دەنگییەكە ئەوەندە درێژ خایەن نەبوو، كچەكە سەری هەڵبڕی و گوتی " بە ڕاستی نەتگوت بۆ چی هاتویتە ئێرە ". پیاوەكە گوتی " بە دوای وون بوویێك دا دەگەڕێم ".

كاتێ پیاوەكە بە سەر هاتەكەی خۆی بە تەواوی گێڕاوە، لەكاتی گێڕانەوەدا بۆی دەركەوت تاكو ئێستا گوێگری ئەوهای نەبینیوە كەئەوها كپ و بێ دەنگ گوێ بۆ قسەكانی شل بكات، ئارەزوی دەكرد ئەوەیش وەكۆ ئەو بیتوانیبا گوێگرێكی باش بێت. چوونكە قوڕ بە سەری مرۆڤ لەوە دایە، كە زیاتر حەز دەكات قسە بكات تاگوێ گرتن. لە كوتائی قسەكانی فرمێسكەكانی پیاوەكە هاتنەوە خوارەوە، ئەویش دەگریا، گریانێكی بە لەزەت بوو، چونكە كەسێكی تر وەكۆ ئەو بەو پەڕی پەروشەوە دەگریا. بۆ ئەو ؟ یا خود بۆ خۆی ؟ نەیدەزانی، كاتێ بینی كچەكە پڕ بە دل فرمێسك دەبارێنی، بەزیی پێ دا هات. هەر بۆیەش لەشوێنی خۆی هەستا، بەوئومێدی كە هێوری بكاتەوە. كچەكە سەری بەرز كردەوە، ڕوومەتەكانی سوور ببوون، بە سووری خوێن. بە دیتنی فرمێسكەكانی كچەكە كزەی لە هەناویەوە هات. بە لای خۆیەوە گوتی " بەخەڵك چ كە تۆ بە دوای وون بووەكەت دا دەگەڕێنی، بە خەڵك چ كە خۆشەویستەكەت كوژراوە بۆ بە سەرهاتە تراژدییەكەی خۆت بۆ خەڵك دەگێریەوە ؟ بۆ ئەوەی دڵیان پڕ خەم

www.kurdistannet.org
1-6-2003 1:52

وكلووكوَڤان بكەى؟ خەمەكانى خۆت بۆ خۆت. چونكە كەس ئاگاى لە خەمى كەس نەماوە هەركەس وەكو ولأخێك سەرى خۆى كردوَتە ناو هاورەكەى، هەموو خەمەكەى ئەوەيە كەكەى هاورەكەى لەئاليك پر دەكرێتەوە پياوى باش خەم خەمى سك و بن سكە ئيتر چ پێويست دەكات. دينای خەم و پەژارەی خۆت بۆئەم بەسەزمانە هەڵرێژی و دڵی پڕ لەخەم بكەيت ". هەروا كە خەريكى سەرزەنشت كردنى خۆى بوو لەكچەكە نزيك بووە، كچەكە بە خەمبارييەوە تەماشاى دەكرد. كاتێ دەستى خۆى لە سەر شانى كچەكە دا ناڵەيەكى جەرگ بڕ لە كچەكە هەستا، خێرا دەستى كێشايەوە بينى دەستەكەى خوێناوييە. بە سەر سورمانەوە گوتى " تۆ برينداری ؟ " كچەكە گوتی " ئەم برينە خۆشەويستى تۆى پێ بەخشيووم ". پاشان لە نێوان قولأى سينگيدا گوللەيەكى دەرهێنا و دايە دەست پياوەكە. ويستى دەستى بگرێ كە لە چاو تروكانێكدا كچەكە وون بوو. پياوەكە لە گەڵ وون بوونى كچەكە شڵەژا، نەيدەزانى چى بكات. هەستى كرد گێژ بووە، سەرى دە سورا، لە شوێنى كچەكە دانيشت تەماشاى شوێنێكى ناديارى دەكرد دەيوست بزانى چى رويداوە، پاش ماوەيەك هەستى كرد كەمێك باشترە چاوەكانى قوچاند هەموو هزر و بيرى كۆ كردەوە بۆ ئەوەى بزانى چى رويداوە، كچەكە بۆ كوێ رۆيشت. چەند جار هاوارى كرد، بەلأم هاوارەكانى بێ وەلأم بوون. پاش ماوەيەك هات و هاوار كردن سەرنجى دايە شتێكى رەق كە لە نێوان دەستى دا مابووە، كە تەماشاى دەستى كرد، گوللە بوو، وەكو ئەو گوللەى كە لە ناو خۆلەمێشى جلەكانى شەوى بوكێنى خۆشەويستەكەى دا دۆزيبووە. بە رق و قينەوە گولەكەى لە ناو پەنجەكانى گوشى، پاشان بێ ئەوەى بزانى بۆ كوێ دەروات بە رێكەوت. چەند هەنگاوێك نەرۆيشت بوو كە گوڵە سوورەكە سەرنجى ڕاكێشا، بە مەبەستى لێكردنەوەى گوڵەكە چەماوە، كاتێ دەستى بۆ گوڵەكە برد گوڵەكە لەرزى، خەريك بوو دەگريا، لە كردەوەى خۆى پەشيمان بووە، بەو پەرى ميهرەبانييەوە گوڵەكەى ماچ كرد، بۆنى گوڵەكە بۆنيكى ئاشنا بوو. بۆنى جەستەى خۆشەويستەكەى لێ دەهات. لەو ساتەدا بە جۆرێ هەست بە بەدبەختى كرد كە لە قولأيى دڵەوە دەستى كرد بە گريان. لەشوێنى خۆى هەستا، ئەوەندە هێز وتواناى نەبووكە خۆى لەسەر قاچەكانى ڕابگرێ، خۆى پێ ڕانەگيرا، لەناكاو كەوتە ناو كانيەكەوە، لەخەو ڕاپەڕى. هەستى كرد شتێكى رەق لە ناو لەپى دەستيدايە دەستى لە ژێر رووناكى مانگە شەو كە لە دەرگاى ئەشكەوتە هات بووە ژوورەوە پان كردەوە، گوللە بوو، لە ناو لەپى دەستى دا، هەمان گوللەى كە كچەكە لە خەونا پێيدا بوو. بە لاى خۆيەوە گوتى " تۆ بلێى ئەوەى لە خەونا بينيم خۆشەويستەكەم بێت، بەلام نا، ناكرێ ئەو بێت، چونكە كچەكە دوانزدە سێزدە ساڵە بوو هێشتان منداڵ بوو ناكرێ ئەوبێت نا ". ئارەزو دەكرد جارێكتر خەونەكە بيبنێتەوە دووبارە گەڕاوە ناو ئەشكەوتەو لە شوێنى خۆى ڕاكشا ئەوەندەى پێ نەچوو كە دووبارە خەوى لێ كەوت كاتى لە خەو هەستاوە بينى ڕۆژ هەلأتووە. خەريك بوو لە دڵتەنگييا گيانى دەرچێ هەستى كرد كەسێك لە سەر لوتكەى شاخەكە دواى لێدەكات بەرەوە لوتكەى چياكە هەڵكشێ. نەوايەك بوو، نەوايەكى ئالوز كە نەيدەزانى نەوايەكە چى دەڵێ، بەلأم بێگانە نەبوو. ئەوە بوو كەبەهەر كولە مەرگيەك بوو لەشوێنى هەستا و سەلانە، سەلانە بەرەو لوتكەى چياكە هەڵكشا. كاتێ گەيشتە كوتكەى چياكە خەرێك بوو ڕۆژ ئاوا دەبوو، نەيدەزانى چى ڕوويداوە چونكە وايدەزانى ئەو ڕۆژە كورت ترين ڕۆژى ژيانى بووە. چونكە خۆر لە هەموو ڕۆژەكانى تر زووتر ئاوا ببوو. بەلاى خۆيەوە گوتى " تۆ بڵێى ئەمە خۆرى ژيانى من نەبێت بەرەو ئاوا بوون دەڕوات ؟ بێزار ببوو وايدەزانى ئێتر كۆتاى ژيانيەتى، ئارەزوى تەمەن درێژى نەدەكرد، قورگى پر ببوو لە گريان لەسەر لوتكەى چياكە دانيشت. رووى لەرۆژ ئاوا كرد بوو. بە چاوەكانى پڕ لە فرمێسكەوە تەماشاى ئاوا بوونى خۆرەگەى دەكرد. دەنگى شەپۆڵەكانى دەريا كە لە بنارى كێوە كە دەكەوت پەرەى گوێچكەكانى ئازاريان دەدا، بە هەر دوو دەستى گوێكانى گرت بۆ ئەوەى گوێى لە دەنگى شەپولەكانى دەريا نەبێت. هەروا كە گوێچكەكانى گرت بوو شنەبايەكى فێنك لەشە ماندوەكەى نەوازشت كرد، هەستى بەخۆشى دەكرد، خۆشييەكە تەنيا و يەك جارى هەستى پێ كرد بوو. ئەو كاتەى كە بۆ يەكەم جار نيگاى بە نيگاى ئازيزەكەى ئاشنا بوو. لە ئێوارەيەكى پايزيدا لەو ديوى پەنجەرەى ژوورەكەى كە خۆر بە دڵێكى خوێناوى خەريك بوو ئاوا دەبوو، ئەو ڕۆژە نيگا ئارامبەخشەكانى خۆشەويستەكەى لە گەڵ خۆرئاوا بوون دا بوو. بەلأم كە دووبارە خۆر هەلأت تەنيا بوو. دواى ئەم ئێوارەيە ئيتر هەموو ڕۆژ ئێواران چاوى دەبريە ڕۆژئاوا، بەڵكو بتوانێ جارێكى تر نيگا ئاشناكانى ئازيزەكە ببينێتەوە، چونكە هەر ڕۆژێك كە ئاوا دەبێت جارێكى تر دووبارە نابێتەوە. ڕۆژئاواى ڕۆژى پاشتر ڕۆژئاوايەكى ترە. ئەوە بوو كە كارى بووە چاوەروانى، چاوەروانى ببوە خورە كەوتبووە گيانى چاوەروانييەكى كوشندە بە تايبەتى ئەو كاتەى كە گوێى لە دەنگى تەقينەوە گوللەيەك دەبوو، هەموو ڕۆژ لە گەڵ داهاتنى تاريكى گوللەيێك دەتەقييەوە، چونكە لەولأتەكەى گوللە

www.kurdistannet.org
1-6-2003 1:52

حوکم دەکرد. سەرەڕای ئەمانە هەموویان جار جارە دڵی خۆی دەدایەوە و دەیگوت مەگەر نە ئەوەیە کەهەر ڕۆژهەلاتیک ڕۆژئاوا و هەر ڕۆژئاوایک ڕۆژهەلاتێکی بە دوایەوەیە. سەرەتا چاوەڕوانی کردن ئاسایی بوو. بەڵام کاتێ ڕۆژکان یەک لەدوای یەک بە لایەوە تێدەپەڕین چاوەڕوانیش دژوارتر دەبوو. بە جۆرێک کە هەر کاتی تەماشای خۆری دەکرد وایدەزانی کە خۆر گاڵتەی پێ دەکات، بە زەردەخەیەکی گاڵتە جاریانەوە لەو دیوی کێوەکان ئاوا دەبوو. چاوەڕوانی تەنگی پێ هەڵچنی بوو بۆیە بڕیاری دا بوو بڕواتە سەر گۆڕی خۆشەویستەکەی سەرەڕای ئەوەی کە دەیزانی نابێ سەردانی گوڕەکەی بکات. چونکە لەولاتەکەی باو بوو، هەر کەس بە تاوانی خۆشەویستی گوڵی سوور بکوژرێت ئیتر کەس بۆی نییە بڕواتە سەر گۆڕی. تەنانەت فاتیحەیەکەیشی بۆ بخوێنێ. هەر چەند دەیزانی خۆشەویستەکەی پێویستی بە فاتیحە نییە. چونکە خۆی فاتیحەی هەموو شێتێک بوو. هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو سەری بەرز کردەوە دەستی لەسەر گوێکانی هەڵگرت و گوێی بۆ شنەبای لێواری دەریا شل کرد. ئیتر هەستت بە ئازار نەدەکرد. دەنگێک لەو دیوی شەپۆلەکانی دەریا روحی ئارام کردەوە. هەموو شتێک بۆی نوێ بوو، دەنگی دایکی بوو کە خەریکی لایە لای گوتن بوو. کاتی منداڵ بوو تەنیا بە دەنگی لایە لایەی دایکی هێور دەبووە. کەمێک بە خۆدا چوو لە خۆی بە گومان بوو، تۆ بڵێی گەڕابێتەوە سەردەمی منداڵی ؟ لە بیری بوو کە داپیری هەمێشە دەی گوت " کورم مرۆڤ کە پیر بوو وەک منداڵانی لێدێت ". بەڵام هێشتان سەرەتای ژیانی بوو ( ٣٥ ) ساڵ زۆر کەمە هەرچییەک بووبێ حەزی دەکرد دەنگی لایە لایەی دایکی بەردەوام بێت. قەت نەبووە ڕۆژێک بەبێ لایە لایەی دایکی خەوی لێ بکەوێت. دوای مەرگی دایکی تەنیا بە دەنگی خورپەی دڵی خۆشەویستەکەی خەوی لێدەکەوت، کە ئەویش لە کار کەوت بوو، چونکە دڵی شوێنی مێوانداری خۆشەویستی گوڵی سوور بوو. لەدوای وەستانی دڵی خۆشەویستەکەی هیچی تر بۆی ئارام بەخش نەبوو بۆیە پڕبەدڵ دەستی کرد بەگریان، دڵی بۆ دایکی لێیدەدا، بە لایەوە سەیر بوو چونکە بێجگە لە خۆشەویستی ئازیزەکەی ریگەی بە هیچ خۆشەویستەکی تر نەدا بوو لە ناو دڵی دا جێگیر ببێت. ئەی ئەم بێ ئوقرەییەی لەکوێ هات ؟ لە بیری بوو کە شەوی یەکەمی زەماوەندی خۆشەویستەکەی داوای لێ کرد دڵ بە کەسی تر نەبەخشێ. ئەویش بەڵێنی پێدا کە دڵی لەسەر هەموو دنیا داخراوە تەنیا بۆ خۆشەویستی ئەو نەبێت. بەڵام ئەی حاڵ و هەوای دایکی لە کوێ هات بوو ؟ نەیدەزانی چ بووە، تەنیا شتێکی بە مێشکی داهات قسەی باوکی بوو کە دەیگوت " منداڵێک کە لێدانی خوارد بێت تەنیا لە باوەشی دایکی دا هێور دەبێتەوە و دەتوانی ناخی دەروونی خۆی هەڵرێژی ". کێ دەزانێ رەنگە ئەویش لەو ساتەدا وەک منداڵێکی لێدان خواردو بۆ هێور بوونەوەی پێویستی بە باوەشی دایکیتی. پێکەنینی بەم جۆرە بیر کردنەوەی دەهات. چەنکە نەیانهێشت بوو لەباوەشی ئازیزەکەی بحەسێتەوە، ئیستا باوەشی دایکی لەکوێ بە دەست دەکەوێ ؟ لەرقا دایە قاقای پێکەنین بە جۆرەێ کە دەنگی قاقی پێکەنینەکەی تەوای دەشت و کێوی پر کرد بوو. پاش ماوەیەک لەپێکەنین وەستا، بە لای خۆیەوە گوتی " تۆ بلێی شێت نەبوو بێت ؟ " چونکە کاتی پێکەنین نەبوو، دڵی توند بوو، دەستی کرد بە ناڵە و گریان، وەک سەردەمی منداڵی، بە دەنگێکی بەرز بانگی دایکی دەکرد، دایە، دایە، دایە گیان لە کوێی، بۆ لەولاتی تەنیایی بەجێت هێشتم، ئاخ و ناڵەی بێ سەرئەنجام بوو. ئەوەندەی پێ نەچوو کە دەنگی لایە لایەی دایکی نەما، تەنیا دەنگی شەپۆلەکانی دەریا نەبێت. دووبارە بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد دایە گیان، بلێ، بلێ، دایە گیان لایە لایەم بۆ بلێ گیانم تێنوی لایە لایەی تۆیە دایە گیان. تەنیا دەنگی شەپۆلەکانی دەریا دەهات. هەروا کە لەسەر لوتکەی کێوەکە دانیشت بوو چاوی بڕییە دەریا، ئارەزوی دەکرد دەریا با بەڵام مرۆڤ بە ئاسانی نابێت بە دەریا، داپیری

دەیگوت " مرۆڤ دبێ دڵی دەریا بێت دەنا نابێت بە دەریا ". دیسان هاواری کرد دایە، بلێ، بلێ، لایە لایەم بۆ بلێ، هەروا کە خەریکی پارانەوە بوو دەنگێک پێی گوت " خەریک بووم

لایە لایەم بۆ دەگوتی بەڵام بەو گولەی لەناو لەپی دەستت دایە کوتای بە ژیانی من هات، چیتر نەیان هێشت لایە لایەت بۆ بڵێم. خێرا لەشوێنی خۆی هەستا، هیشتان گولەکە لەناو لەپی دەستی دا بوو بە هەموو ڕق و فینیکەوە تۆریدایە ناو دەریاوە. دەنگەکە دەنگی خۆشەویستەکەی بوو وەک شێتان بە دەوری خۆی دەسواڕیە، دەیویست بزانی خاوەنی دەنگەکە لەکوێیە. بەڵام ناچار کاری دەکرد دەریا بوو، بێجگە لەدەریا هیچی تر نەبوو. بەو پەری نائومیدی لە شوێنی خۆی دانیشت زۆر بە هێمنی دەستی کرد بە گریان. پاش ماوەیەک گریان هەستی کرد هێمن بووەتەوە قسەی داپیری ڕاست بوو کە دەیگوت " کورم باری مروڤ بە گریان سوک دەبێت ". فرمێسکەکانی سڕییەوە تەماشای دەورو پشتی کرد. خەریک بوو ڕۆژئاوا دەبوو. بە تاساوە چاو بۆ ئەم بەرو ئەو

www.kurdistannet.org
1-6-2003 1:52

بەری دەگێڕا، بە دوای وون بووکەیدا دەگەرا، لەو کاتەدا چاوی بە گوڵێکی سوور کەوت کە لە نێوان دەرزی بەردێکا سەری هەڵدا بوو، بەرەو گوڵەکەچوو بەمەبەستی لێکردنەوەی دەستی بۆ برد، بەلاَم لەگەلْ دەست لێدان گوڵەکە لەرزی بە جوری کە ئەوەندەی نەمابوو هەڵوەریْ دەستی کێشایەوە خۆی بەرەو گوڵەکە چەماندەوە بۆنی کرد، وەک ئەو گوڵەی لە خەونا بینی بوو. بۆنی لەشی خۆشەویستەکەی لێدەهات. سەری بەرزکردەوە لەو پەڕی بیْ دەنگییەوە تەماشای گوڵەکەی کرد. لەو ساتەدا سەرنجی دایە دوو چاو کە لە سەر پەلکە گوڵەکە بەدەر کەوتن. چاوەکانی خۆشەویستەکەی بوون وەک ئەو کاتەی بۆ دوا جار لە کاتی ڕۆژئاوا بوون بینی بووی. دووجار چەماوە گوڵەکەی بۆن کرد لە قوڵایی دڵەوە دەستی کرد بە گریان چەندجار بەئاخ و ناڵە خۆشەویستەکەی بانگ کرد وەک ئەو کاتەی لەسەر گۆڕەکە دانیشت بوو. لەو کاتەدا دەنگێک پێی ووت " تو خوا بەسە مەگریْ فرمێسکەکانت سوێرن، برینەکانم سارێژ دەکەنەوە " لە شوێنی خۆی دانیشت هەروا خەریکی تەماشا کردنی گوڵەکە بوو، هەستی کرد ڕەنگی پەلکە گوڵەکە لە گۆڕان دانە. سەرەتا وای زانی چاوەکانی هەڵە دەکەن چەند جار چاوەکانی قوچاند و کردییەوە، بەلاَم هەڵە نەبوو، هەمان ڕۆژ ئاوا، هەمان نیگا لە سەر پەلکە گوڵەکە بەدەرکەوتن و هەمان نیگای شەوی یەکەمی زەماوەندەکەی. بیری دەکردەوە ئایا دووبارە خاوەنی ئەم نیگا ئاشنایە دەدۆزێتەوە ؟ لە کویْ ؟ چۆن ؟ نەیدەزانی. تەنیا وەلاَمی پرسیارەکان گریان بوو، هەرواخەریکی گریان بوو دەنگێک بەدەنگی خۆشەویستەکەی پێی گوت " لەم کێوە برۆ خوارەوە، برۆ لێواری دەریا لە ژێر سێبەری درەختی نەی خاوەنی چاوەکان دەدۆزیەوە. پاشان دنیا کشومات بوو، بیْ جگە لەدەنگی شەپۆلەکانی دەریا هیچی تر نەبوو. لە بەرزاییەوە تەماشای خوارەوەی کێوەکە کرد، کێوەکە زۆر بەرز بوو مەودایەکی زۆری هەبوو لە گەلْ دەریاکە. تەماشای دەوروبەری کرد بە تەمای دۆزینەوەی ڕێگایەک بوو، بۆ ئەوەی لە شاخەکە بڕواتە خوارەوە. تەنیا کوێرە ڕێگایەک هەبوو کەدیارچاو زەمەنێکی دوور و درێژ بوو کەس هات و چۆی لەسەر نەکردبوو هەرچەند دلنێا بوو دەبیْ بڕوات. بۆیە ناچار بۆ کوێرە ڕێگاکە هەڵبژێریْ. بڕیاری دا بڕوات هەر چونێک بێت خۆی بگەێنێتە شوێنی مەبەست، لە کاتی چوونە خوارە دوو سیْ جار خەریک بوو لە شاخەکە بکەوێتە خوار کە هەر جار بە کۆڵە مەرگی خۆی دەرباز دەکرد. خەریک بوو سەری دەسوڕا، هەوڵی دا تەماشای خوارەوەی شاخەکە نەکات لە ناکاو بەردێک لە ژێر پێی دەرچوو ئەوەندە نەمابوو لە شاخەکە بکەوێتە خوارە هەر چۆنێک بۆ دەستی بە بنە گیایێکەوە گرت نەیهێشت بکەوێتە خوارەوە. لە بەر قورسایی لەشی خەرێک بوو بنە گیاکە لەرەگ و ڕیشە دەردەهات. چاوەکانی قوچاند، هەناسەی بڕا ئەوەندە نەمابوو هەناسەی بوەستیْ، هەموو گیانی عارەقی کرد، وای دانابوو کە ئیتر کۆتایی ژیانیتی، کیْ دەزانی ڕەنگە ببێت بەخوراکی ماسیەکان یا خود وەکۆ حەزەرتی یونس دەکەوێتە سکی نەهنگێکەوە، پاشان ڕزگاری دەبێت. لە ترسی گیانی بە هەموو هێز و توایەوە خۆی بەبنە گیاکەوە هەڵواسی هەوڵی دا بەرەو سەرەوە هەلکشیْ بەلاَم هەرچی زیاتر هەولیْ دەدا بنە گیاکە زیاتر لە خاک دەهاتە دەرەوە. دلنێا بوو ئەگەر لەمە زیاتر هەولْ بدات بنە گیاکە لە ڕەگوریشە دەردێت. کەواتە ژیانی پەیوەستە بە ڕەگ و ریشەی گیاکە، دەبوایە بی پارێزێت. تەماشای لوتکەی شاخەکە کرد، چاوی بە خۆشەویستەکەی کەوت کەلەسەر شاخ باوەشی بۆ کردبۆوە داوای لیْ دەکرد بڕواتە باوەشی. چاوی بڕییە خۆشەویستەکەی، کە زەردەخەنەیەکی شیرین لە سەر لێوی نیشت بوو. بە دیتنی زەردەخەنەکە لە بیری چوو لە چ بارودۆخێک دایە، بە سەر سورمانەوە تەماشای خۆشەویستەکەی دەکرد، زۆر جوان بوو، وەک یەکەم شەوی بوکێنی، لەو کاتەدا گۆی بیستی دەنگی لایە لایەی دایکی بوو. وای زانی تازە لە دایک بووە، ئیتر هیچ شتێک لە مێشکی دانەبوو، بێجگە لە گەیشتن بە خۆشەویستەکەی، دەتگوت دایکی دەیزانی کورەکەی چی دەویْ، بە بیستی دەنگی لایە لایەی دایکی لە دەرونەوە هەستی بە هێز و توانایەکی زۆر کرد ورەی بەرز بووە. خۆشەویستەکەی هەروا بە باوەشی کرا و لێی دەپاڕایەوە کە بڕواتە لای، چیتر نەیتوانی بەرگەی ئەم دیمەنە بگرێت بۆیە بە هەموو هێز و توانای بنە گیاکەی بەرەو خۆی ڕاکیشا، ئەم جارە تەنیا یەک ڕەگ مابوو، کە پێستی لێی جیا ببووە، ڕەنگی سپی ڕەگە کە بە ڕەنگی روخساری خۆشەویستەکەی دەچوو. چاوەکانی داخست ئەو ڕۆژی هاتە بەر چاوی کە دوای یەک هەفتە گواستنەوە خۆشەویستەکە دەبوایە بڕواتە مالیْ دایکی کاتی لە یەکتر جیا بوونەوە، نیگاکانی خۆشەویستەکەی جۆریکی تر بوون هەستی کرد دوا جارە دەیان بینتەوە. زۆر سەیرە، خەیالْ و واقع چەند لێک نزیکن ڕەنگە زۆر جار واقع ئەو دیوی خەیاڵە و خەیالْ ئەو دیوی واقیعەت بێت. هەروا کە خەریکی پێدا چوونەوەی بیرەوەریەکانی بوو. دیسان بنە گیاکە کەمێکی تر لە زەوی دەر هات ئەم جارە ئەوەندی نەما بوو لە شاخەکە بکەوێتە خوارەوە. لەو پەری نائومیدی دا خۆی بە

بنە گیاکەوە هەڵواسی، دەستێکی بە بنە گیاکەوە بوو، دەستێکی تر بە شاخەکەوە گرت بوو، بە جۆرێ کە پەنجەکانی خوێناوی ببوون خوێنە سورەکەی لە سەر تاشە بەردەکان دەبریسکایە. دووبارە تەماشای لوتکەی شاخەکە کرد، خۆشەویستەکەی بەهەمان زەردەخەنە، بە باوەشی کراوە داوای لێ دەکرد بڕواتە باوەشی. بە گریانەوە پێی گوت " بەسە ئیتر وەرە لام، لەمە زیاتر ئازارم مەدە ". بە نائومێدی تەماشای خوارەوەی شاخەکەیکرد ئەم جارە زۆر لە نزیکەوە گوێ بیستی دەنگی لایە لایەی دایکی بوو. بە لای خۆیەوە گوتی " دایە گیان خۆشحاڵم لەوەی کە شایەتی مردنمی، سوپاست دەکەم دایە گیان کە لەم ساتە دەردناکەدا بە لایە لایێ خۆت مردنم بۆ ئاسان دەکەیت ". هەروا کە خەریکی مقۆ، مقۆ کردن بوو لە ناکاو خۆشەویستەکەی بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد " بەسە ئیتر تۆ نابێ بمری، مەگەر ئەوەنیە کەمن لە جیاتی تۆ مردوم کەواتە دەبێ تۆ لە جیاتی من بژی ". دوای بیستنی قسەی خۆشەویستەکەی هەستی کرد هێز و توانایەکی تازە هاتەوە بەرگیانی، بۆیە بە هەموو هێز وی توانای بنە گیایەکەی بەرەولای خۆی راکێشا و هەر چۆنێک بوو موجیزە ئاسا لە مردن رزگار بوو، ویستی بە پەلە خۆی بگەێنێتە خۆشەویستەکەی بەڵام کاتێ تەماشای سەرەوەی کرد خۆشەویستەکەی لەوێ نەمابوو. بە شپرزەی لە شوێنی خۆی دانیشت. هەموو گیانی عارەق دایگرت بوو. هێشتا دەنگی لایە لایەی دایکی دەهات. بەڵام هەستی کرد دەنگی دایکی گۆڕاوە، دەنگەکەی پڕ لەشادی و ئومێد بوو، یەک دوو ئاوڕی دایەوە، هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا، پاشان تەماشای خوارەوەی شاخەکە کرد، هێشتا نیوەی ڕێگاکە مابوو. سەرەڕای ئەوەی کە ڕێگاکە سەخت و دژوار بوو، بەڵام هەر دەبوایە بڕوات. تەماشای دەست و پەنجەکانی کرد پەنجەکانی خۆێناوی بوون. بەلایەوە گرنگ نەبوو دەتگوت، کەسێک لە خوارەوەی شاخەکە بانگی دەکات تەماشای بنە گیاکەی کرد کە گشت ڕەگەکانی لە خۆڵ دەرچوو بوون تەنانەت یەک دانە نەبێت، بە لای خۆیەوە گوتی ئەمە دورە لە مرۆڤایەتی بنە گیاکە ئەوها بەجێ بێلم. ئەومنی لە مردن رزگار کردووە، بۆیە زۆر بە هێمنی بنە گیاکەی لە شوێنی دادەنێتەوە، پاشان بە دەست خۆڵ دەکاتە سەر ڕەگەکانی زۆر بە جوانی دەوبەری دەپەستەوە، ئەوجا وەک ئەوەی کە خۆشەویستەکەی ماچ دەکرد پڕ بە دل بنە گیاکەی ماچ کرد. زۆر سەیر بوو بنە گیاکە بۆنی ئازیزکەی لێ دەهات !! هەستی کرد بارێکی قورس و گران لە سەر شانی هەستاوە. لە شوێنی خۆی هەستا، تەماشای خوارەوەی کرد. شاخەکە زۆر بەرز بوو، بەڵام دڵنیا بوو دەبوایە بڕوات. بۆیە بەرەو خوارەوەی شاخەکە بە ڕێکەوت. هەستی کرد کە ئەمجارە لە ڕۆیشتن ئاسودەترە، زۆر بە بوێری لە شاخەکەوە دەچووە خوارەوە. ترسی نەما بوو. چاوی نەدەسوران. جارێکان وەستا، بە وردی تەماشای لێواری دەریاکەی دەکرد. دەیویست بزانێ درەختی نەی لە کوێیە ئەوەندەی پێ نەچوو کە پاشماوەی ڕێگاکەی زۆر بە ئاسانی بڕی وگەیشتە سەر لێواری دەریاکە. ماوەیەک لە سەر لێواری دەریاکە ڕۆیشت. تاکو گەیشتە شوێنێک کە روبارێک دەهاتە ناو دەریاکەوە. کاتێ دەریای لە گەڵ روبارەکەی بەراورد کرد هەستی کرد روبارەکە چەند بچوکە بەرامبەر بەگەورەیی دەریا. دەریا زۆر گەورە بوو. بەڵام کە چاوی بە روبارەکە دەکەوت هەست بە نوێ بوونەوە دەکرد. بەڵام کە لە دەریا وورد دەبووە هەست بەمانەوە دەکرد. دڵی توند دەبوو. بە لای خویەوە گوتی باش نەبوو رووبار نەبووم دەنا دوا قۆناغم دەریا دەبوو، و دەریا بە مانای کۆتایی تەمەنی ڕووبار. لە سەر لێواری رووبار کە وەستا سەیرێکی دەریا کرد، دیسان ئاوڕێکی بەرەو ڕووبار دایەوە بڕیاری دا بە پێچەوانەی هاتنی رووبارەکە بڕوات نەک بە مەبەستی گەیشتن بە سەرچاوەی رووبار، بەڵکو تەنیا بە مەبەستی دۆزینەوەی ئازیزەکەی بووە، بیلام ئەوەیشی دەیزانی کەهەموو قوڕ بە سەری مرۆڤ لەوە دایە کە بە درێژای تەمەنی بە دوای سەرچاوەدا دەگەرێ باپیری دەیگوت " دۆزینەوەی سەرچاوەی ڕووبار کاری هەموو کەسێک نییە ". دلنیا بوو کاری ئەویش نییە. بەڵام کێ دەزانێ ڕەنگە ئەو دوو چاوەی لەسەر پەلکە گوڵە سوورەکە دا بینیویەتی بتوانێ لەسەر چاوییان بدۆزێتەوە. بۆیە بە دڵێکی پڕ لە ئومێد بەرەو سەرچاوە بەرێکەوت. هەرچی بەرەو پێشتر دەچوو ئەو دۆڵەی کە ڕۆبارەکە لێی دەهاتە خوارەوە قوڵتر دەبوو. خۆشی نەیدەزانی بۆ کوێ دەروات بەڵام جوانی سروشتی دۆڵەکە سەر مەستی کرد بوو. هەروا کە بە سەر مەستی بەرەو پێشەوە دەڕۆیشت، لە سەر ڕێگەی خۆی تاڤگەیەکی بینی، ئاوێکی سپی وەک شیر لە تەوەرێکی شاخەکە هەڵدەقوڵا و لەگەڵ ئاوی رووبارە تێکەڵ دەبوو و بەرەو دەریا دەرویشت دەڕۆیشت بۆ مانەوە. دەڕۆیشت کە بۆ هەمیشە لەوێ بحەسێتەوە. تاڤگەکە سەرنجی راکێشا، بەرەو تاڤگەکە رۆیشت. کاتی بە تەواوی لە تاڤگە کە نزیک بووە، لە شوێنی خۆی وەستا. چاوەکانی داخست ڕۆخسارەکەی دایە بەر ئەو دڵۆپە ئاوەی کە لە کاتی هاتنە خوارەوەی تاڤگەکە دەپریشکانە سەر روخساری، هەست بە خۆشییەکی تایبەتی دەکرد. بە جۆرێ کە خوێ لە ژێر تاڤگەکە بینییەوە، هەموو

www.kurdistannet.org
1-6-2003 1:52

گیانی دایە دەست ئاوی تاڤگەکە. هەست بە خۆشی دەکرد دەتگوت تەواوی ئێش و ژانەکانی بە ئاودا دەڕۆیشتن ترس و دڵەراوکێ نەمابوو. لە خۆڕایی نەبوو کە هەمیشە داپیریی دەیگوت " ئاوی سارد دەرمانە ". ئیتر نیگەران نەبوو. وای دەزانی ئەوەی بە شوێنی دا دەگەرێ دەبێ لەم دەورو بەرانە بێت. پاشماوەیەک وەستان لە ژێر ئاوی تاڤگەکە، چەند هەنگاوێک بەرەو دوا دەکشاوە. ئەو دیوی تاڤگە لە ژێر شاخەکە وەک ئەشکەوت وا بوو. لە شوێنی خۆی دانیشت زۆر بە ووردی تەماشای شوێنەکەی کرد. لەکاتی تەماشاکردن دەرگایەکی بچوکی داخراو سرنجی ڕاکێشا. بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت چەند جار دەرگاکەی پاڵ دا، بەو هیوایەی کە دەرگاکە بکاتەوە بەڵام بێ سود بوو. بە نائومێدی گوێ بە دەرگاکەوە نا، دەنگێک لەو دیوی دەرگاکەوە دەهات. هەوڵی دا بزانێ دەنگی چییە. بەرەبەرە دەنگەکە زیاتر دەبوو بە جۆرێ کە زۆر بە ئاسایی گوێی لە دەنگەکە دەبوو، سەری سورما نەیدەزانی چی بکات، دەنگی لایە لایەی دایکی بوو بەڵام بۆ لەو دیوی دەرگا ؟ پاشان دەنگی پێکەنینی ئافرەتێک هات، ئەوەندە نەما بوو دڵی بوەستێ، دەنگی پێکەنینی خۆشەویستەکەی بوو، هەمان پێکەنینی شەوی یەکەمی زەماوەندەکەی. بە هەموو هێز و توانایەکەوە هەوڵی دا دەرگاکە بکاتەوە، بەڵام بێ ئەنجام بوو. لەوکاتەدا کە هەوڵێ کردنەوەی دەرگاکەی دەدا، جارێکیان دەستی بە دەرگاکەدا هێنا، لە ناوەندی دەرگاکە شتێکی ڕەق کەوتە بەردەستی کاتی باش تەماشای کرد گوللە بوو. هەمان گوللەی کەلەناو خوڵەمێشی جلەکانی ئازیزەکەیدا دۆزیبووە. هەر ئەو گوللەیە بوو کە لەئێوارە خوێناوییکەدا توڕیدایە ناو دەریاکەوە. تۆ بڵێ شەپۆلەکانی دەریا هێنابێتی. نەیدەزانی چی ڕوویداوە. زۆر بێ ئوقرە و نائارم بوو، نێو چاوانی بە دەرگاکەوەنا تاگوێ بۆ لایە لایەی دایکی و پێکەنینی خۆشەویستەکەی رابگرێ، کەوتە پارانەوە وەک منداڵێک کە لە بەر دایکی دەپاڕێتەوە بە گریانەوە دەی گوت " پێبکەنە، پێبکەنە "، و بە مست لەدەرگاکەی دەدا لەو کاتەدا دەنگی دایکی هات کە پێی گوت " کۆرم ئەوەی لە ژێر دەستی تۆ دایە کلیلی گشت نەهێنیەکانە. بیگوشەوە دەرگاکە دەکریتەوە ". خێرا پالێ بە گوللەکەوە نا دەرگاکە ناڵەیەکی کرد و هێدی، هێدی کرایەوە، گوللەکە کەوتە ناو لەپی دەستی بەبێ ئەوەی بزانێ چی دەکات گوللەکەی لە ناو گیرفانی دانا، لە گەڵ کردنەوەی دەرگاکە کۆڵکە زێرینە یەک لەدەرگا دێتە دەرەوە بە جۆرێ کە ئاوی تاڤگەکە بە حەفت ڕەنگ دەرازێتەوە بە درێژای تەمەنی قەت شتی وا جوانی نەدی بوو. تەنانەت ئازیزکەی نەبێت، تەنیا ئەو لە کۆڵکە زێرینە جوانتر بوو. ئاوی تاڤگەکە ڕەنگاو ڕەنگ بوو، دەتگوت کاری شێوە کارێکی ناودارە. ئەم هەموو جوانییە بە لایەوە زۆر گرنگ نەبوو تەنیا شێتێک کەبیری لێ دەکردەوە ئەوە بووکەدەیوست بزانێ ئازیزکەی لە کوێیە کەئەوها پێ دەکەنێ. خێرا لە دەرگا چووە ژوورەوە. لە گەڵ چوونە ژورەوەی دەرگاکە داخرا کاتێ دەرگا داخرا زۆر ترسا، سەرەتا ویستی بگەرێتەوە بەڵام بێ سوود بوو، چونکە دەرگا نەکرایەوە، بە نائومێدی تەماشای کۆڵکە زێرینەکەی کرد، کەلەبنەوانی ئەشکەوتەکە دەهاتە دەرەوە. دەستی بۆ کۆڵکە زێرینەکە درێژکرد کاتێ تیشکی کۆڵکە زێرینە لەدەستی دەدا ڕەنگەکان لە سەر پەنجەکانی دەستی سەمایان دەکرد. دەنگێک پێیگوت " جوانە ها "، دەنگی خۆشەویستەکەی بوو لە وەڵام دا گوتی " زۆر جوانە بەڵام نە بە قەد جوانی تۆ ". بەڵام جوانی ئەویش وەک جوانی من تەمەنی کورت بوو بینیت چۆن مۆمی ژیانمیان کوژاندە، چونکە دەمویست بە ئارەزوی خۆم بژم، چونکە گوڵێ سوورم خۆش دەویست. چاوەرێ بوو هێشتان قسە بکات بەڵام بێ دەنگ بوو پاش ماوەیەک وەک یەکەم شەووی زەماوەندەکەی پێی گوت " خۆشم دەوێی ".

منیش خۆشم دەوێی، ئەی خۆشەویستی تۆ نییە ئاوارە و دەربەدەری کردم ئەم دەربەدەرییە تا کەی ؟ بە تاساوە ڕێچکەی کۆڵکە زێرینەی گرتە بەر، بەرەو بە بناوانی ئەشکەوتەکە ڕۆیشت، زۆر بە ووردی ڕووانیە گشت کون و قوژبنەکانی ئەشکەوتەکە، لەکاتی ڕۆیشتن ولە ناکاودا کۆڵکە زێرینەکە نەما، بەڵام ئەشکەوتەکە ئەوەندە تاریک نەبوو کەنەیتوانی درێژە بە ڕێگاکەی بدات. ئەوەندەی پێ نەچوو کە دیسان کۆڵکە زێرینەکەی دوزییەوە ڕۆناکی کۆڵکە زێرینەکە کەوت بوو سەر کۆمەڵێک ڕەگ و ریشەی درەختێک کە لە بانی ئەشکەوتا تا خوارەوە شۆڕ بووبۆوە وەک چەپەر وا بوون، وەک بڵێن بەتایبەتی دروست کراوە بۆ دووبەش کردنی ئەشکەوتەکە. کاتێ بە تەواوی لە چەپەرەکە نزیک بووەوە. چاوی بە تومارێکی لولدراو کەوت کە ناو ڕەگۆ ریشە درەختەکە دانرا بوو. تومارەکە لە پێستی مامز دروست کرا بوو. زۆر بە هێمنی دەستی بۆ برد، تومارەکەی هەڵگرت، تۆمارەکە بەتاڵە مویەکی درێژی ئافرەتان گرێ درا بوو. کاتی تاڵە مویەکەی کردەوە، تاڵە موکەی بۆن کرد، پاشان لە ناو گیرفانی دانا، کاتێ تومارەکەی کردەوە یەک نەی لەناو تۆمارەکە کەوتە خوارەوە بەبێ ئەوەی تومارەکەی بخوێنتەوە لولی دا و گەراندەوە

www.kurdistannet.org
1-6-2003 1:52

شوێنی خۆی. نەیەکەی هەڵگرت یەک دوو جار سەرەو ژێری کرد، باوکی وە بیرهاتەوە. نەیەکەی بەباوکی بەناوبانگ بوو. ئیستاش کە ئیستایە دەنگی نەیەکەی باوکی لە کویستانەکانی دەوروپیشتی گوندەکەیان دەهاتە گویٚ، خۆشی نەی ژەنێکی باش بوو. بەڵام پاش مەرگی ئازیزەکەی ئەمە یەکەم جار بوو کە دەستی بۆ نەیە کە دەبرد کاتیٚ نەیەکەی لە لێوەکانی نزیک کردەوە فویٚکی تیٚکرد ناڵەیەک لەنەیەکە هەستا، ناڵەکە ئەوەندە خەمناک بوو کە نیتوانی بوەستیٚ بۆیە ناچار بوو لە شوێنی خۆی دابنیشیٚ. ناڵەکە ئاشنا بوو، بۆ دوا جار کە لە خۆشەویستەکەی جیا بووەوە ناڵەیەکی ئەوەها لە قورگی دەرچوو، ناڵەی جیا بوونەوە بوو ناڵەی لە دەست دانی خۆشەویستەکەی بوو، بە لای خۆیەوە گوتی" دەرفەتێکی باشە لەمێژە نەیم لیٚ نەداوە، دەستی کرد بە لێدانی نەیەکە، لە گەڵ ناڵەی نەیەکە فرمێسکی دا دەباراند، پاش ماوەیەک نەیە کەی لە نێوان دوو رەگی درەختە کە دانا، هەر لە گەڵ دانانی نەیەکە کۆلکە زێرینەکە باریک بووەوە وەک داوێکی حەفت رەنگ چووە ناو کونی نەیەکەوە. سەرەتا هەستی بە ترس دەکرد، نەیزانی چی رویداوە چوون دەبیٚ کوڵکە زێرینەیەک برِواتە ناو کونی نەیەکەوە، بە سەر سورمانەوە تەماشای نەیەکەی کرد، کوڵکە زێرینەکە وەک رۆناکی بلاژێکتۆرێک لەو دیوی چەپەرەکە کەوتبوو سەر روخساری ئافرەتێک، ئەوەندە نەمابوو دڵی بوەستیٚ چونکە خاوەنی روخسارەکە ئازیزەکەی بوو. بە تاساوە تەماشای روخساری کرد. زۆر جوان بوو، وەک یەکەم شەوو بوکینیٚ، خەریکی نەی ژەنین بوو، ناڵەکانی ئەوەندە خەمناک بوو کە هەستی کرد خەریکە دا دەرمێت ئەوەندە نەمابوو بکەوێتە خوارەوە، دەستی بەرەگێکی درەختەوە گرت بەو پەری نائومێدیەوە گوتی، باشە ئەم هەموو ئاهو ناڵەیە لە پێناو چی، خۆشەویستەکەی گوتی " وەڵامی پرسیارەکەت لە تومارەکەدا نووسراوە ". لەگەڵ تەواو بوونی قسەکەی کوڵکە زێرینەکە نەما بێجگە لەو روناکییە ئاساییەی کە لە کونی بانی ئەشکەوتەکە، کە ناوەوەی رۆناک دەکردوە رۆناکی تر نەبوو. بیٚ دەنگی باڵی بە سەر ئەشکەوتەکەدا کێشا بوو. ئازیزەکەی لەو دیوی چەپەرەکە نەمابوو زۆر بە شوێنیدا گەرِا پارِایەوە هاواری کرد بەڵام هیچ وەڵامێک نەبوو، دیسان تومارەکەی هەڵگرت، تۆمارەکەی کردەوە کە ئەم چەند رستەیە بە رەنگی سەوز لە سەری نووسرا بوو ( ئەم ناڵەیە هی کەسانێکە کەدەیانەویٚ بە ئارەزوی خۆیان بژین بەڵام مردنیان بە ئارەزوی خۆیان نییە. چونکە گەورەترین لەزەتی ژیان ئەوەیە کەمرۆڤ بە ئارەزوی خۆی بژیت، و گەورەترین دەرد و رەنج ئەوەیە کە مرۆڤ نەتوانی بە ئارەزوی خۆی بمریٚ) . چەند جار نووسینەکەی خوێندەوە، بەڵام هەستی کرد ووشەکان زۆر ئاڵوزن مێشکی توانای شی کردنەویان نییە. تەنیا شتێک کە دەیزانی ئەوە بوو کە گەورەترین گرفتی ولاتەکەی ئەوەیە کە مرۆڤ ناتوانیٚ بە ئارەزوی خۆی بژی، چونکە دڵنیا بوو هەر کاتی بە ئارەزوی خۆی بژی رەنگە بتوانیٚ چۆنیەتی مردنی خۆی هەلبژێریٚ. دەیزانی ئەوەی دەڵیٚ تەنیا ئەفسانەیە، ئەم ئەفسانەیە کەی لەو ولاتەکەی دەبێت بەراست، پرسیارێکی بیٚ وەڵام بوو. هەستی بە بێزاری دەکرد تومارەکەی گەرِاندەوە شوێنی خۆی لە کاتی گەرِاندنەوەی دەستی بە نەیەکە کەوت نەیەکە دەکەوێتە خوارەوە بوو بە دوو پارچە، خێرا نەیەکەی هەڵگرتەوە، کاتەیٚ هەر دوو پارچە پێکەوەنا، بە ئومێدی چاک کردنەوەی بەڵام هەر دوو پارچە نەیەکە وەک ئێسقانێکی رزی پوک لە ناو پەنجەکانیدا ووردبوون، بە جۆریٚ کە دەتگوت لە هاوەنیان کوتایەوە تەنیا پاشماوەی نەیەکە دڵۆپە خوێنێک بوو کە لە سەر دەستی راستی بە جیٚ مابووە. دلنیا بوو لەم مەرگە ساتەدا تەنیا دەیتوانی شتێک بکات ئەویش ئەوە بوو کە هەول بدات بە زوترین کات لە ئەشکەوتەکە برِواتە دەرەوە. بۆیە بەرەو دواوە گەرِایەوە خۆی بە پەلە گەیاندە دەرگاکە. زۆری هەوڵ دا دەرگاکە نەکراوە توشی ترسێکی نامۆ بوو. وایدەزانی کە ئەشکەوتەکە دەبیٚ بە گۆری، بەبیٚ ئەوەی کەس ئاگای لیٚ بێت هەرچەندە بە لایەوە گرنگ نەبوو، کە کەس ئاگای لە مردنی نییە. چونکە دەیزانی لە ولاتەکەی کەس ناپرسیٚ بۆ مرد، گرنگ ئەوەیە کە هەر کەس مرد، تەرمەکەی زۆر نەمێنێتەوە گوناهە، دەبیٚ مردوو زوو بنێژرێتەوەکاری خەڵک ناشتنەوەیە و ئەمە پیشەی هەمیشە بیانە. دووبارە هەوڵی دا بەڵکۆ بتوانیٚ دەرگاکە بکاتەوە ئەم جارەش هەوڵەکانی بیٚ سەر ئەنجام بوو. لە شوێنی خۆی هەستا بە نائومێدی تەماشای دەورو پشتی کرد. هەست بە تەنیایی دەکرد، ئارەزوی بوو کەسێک هەبێت لەو تەنیایەی رزگار بکات، بەرەو بنەوانەی ئەشکەوتە گەرِایەوە بەو ئومێدەی کە دووبارە ئازیزەکەی ببینێتەوە. بەڵام بێجگە لە بیٚ دەنگی هیچی تر نەبوو، کاتیٚ چاوی بە تروسکایەکی رووناکی کەوت کە لە بنەوای ئەشکەوتەکە دیار بوو، بە خۆشحاڵی بەرەو رووناکییەکە رۆیشت. هەرچی بەرەو پێشەوە دەرِۆیشت روناکیەکە گەورەتر دەبوو کاتی بە تەواوی لێی نزێک بووە بێنی دەرگایێکە وەک ئەو دەرگایەی لیٚ هات بوو ناو ئەشکەوتەکە، دەرگاکە کراوە بوو. کاتیٚ وێستی برِواتە دەرەوە چاوی بە ووشەیەک کەوت کە لە سەر دەرگاکە نووسراو بوو (

www.kurdistannet.org
1-6-2003 1:52

له هەر کویّ خۆشەویستی هەبیّت، گوللەش هەیە، گوللە کۆتای خۆشەویستی نییە بەڵکۆ سەرەتای دەست پیّکی گشت خۆشەویستییّکە) . دوای خویّندنەوەی رستەکە، هەست بە هیّور بوونەوە کرد. ویستی بە زوترین کات لەئەشکەوتەکە برواتە دەرەوە. بۆیە بە پەلە خۆی گەیاندە دەرەوی ئەشکەوتەکە. بە دیتنی دەرەوە سەری سورما، نهالیّك له بەردەمی دا بوو، نهالیّکی پڕ له گوڵ. تازە سەر لەبەیانی بوو هیّشتان شەونمی بەری بەیان له سەر پەلکی گوڵەکاندا دەبریسکانەوە، ویستی بزانیّ نهاڵەکە بە کویّ دەگات له کاتی ڕۆیشتن بە سەر سورمانەوە تەماشای ئەو دیمەنە جوانانەی سروشتی دەکرد، کە هیّشتان دەستی مرۆڤی پیّنەگەیشت بوو کە بە ناوی شارستانیەت دەست کاری بکات. قسەی مامۆستاکەی وە بیر هاتەوە کە دەیگوت " سروشت رۆحی مرۆڤایەتیە بۆیە مرۆڤ هەمیشە له تەك سروشتا هەست بە هیّمنایەتی دەکات ". میّژووی مرۆڤایەتی کاتیّ تووشی کارەسات بوو کە سروشتی مرۆڤیان تیّك دا، مرۆڤ بە ئازادی دیّتە دینا بەڵام پیّی دەڵیّن دەبیّ ئەوها بژی دەنا لەو دینا جیّت نابیّتەوە هەر وەکۆ چۆن جیێ ئازیزەکەم لەم دنیایە گەورەیەدا نەبووە. شنە بایەکی نەرم و فیّنك هات. جەستە دارمەوەکەی هیّز و توانایەکی تری بەخشی، بە جۆریّ کە حەزی له ڕاکردن هەڵپەرکیّ بوو، هەر لەخۆیەوە وەك سەر خۆشان بە دەوری خۆی دەسوڕایەوە هاواری دەکرد. پاشان خۆی دریّژ کردە سەر گوڵەکان ماوەیەك خەریکی خۆ گەوزاندن بوو تاکۆ ماندوو بوو. کاتیّ له شویّنی خۆی هەستا چاوی بەو گولآنەی کەوت کە له کاتی خۆ گەوزاندن له ژیّر جەستەیدا پان ببونەوە، کۆمەڵیّکیان هەڵەوەرابوون، بە دیتنی ئەم دیمەنە دڵی پر لەژان بوو. دەتگوت یەکیك بە دەست دڵی دەگوشی، هەوڵی دا گوڵەکان وەکۆ خۆیان لیّ بکاتەوە، هەروا کە خەریکی ڕاست کردنەوەی گوڵەکان بوو دەنگیّك پیّی گوت " هیّشتان فیّر نەبووی کە گولیّك پەڕ پەڕ بۆ یا خود هەڵوەرا چی تر زیندوو نابیّتەوە، نابیّ بە گوڵی جاران، دەبیّ چاوەریّی گوڵی نویّ بیّت. گرفتی مرۆڤ لەوە دایە کە تا دەمریّ ئەرزشی گوڵی خۆی نازانیّ، ( ( ئەرزشی گوڵی هەر مرۆڤیّك ئەو تەمەنەیە کە له پیّناوی گوڵەکەیدا تەواو دەکات " (١) . کاتیّ دەنگەکە تەواو بوو، کەمیّك وەستا، چاوەروان بوو خاوەنی دەنگەکە دریّژە بە قسەکانی بدات، بەڵام بیّجگە له دەنگی خەمناکی چەند بولبولیّك هیچی تر نەدەهاتە گویّ. زۆر سەیر بوو له نیّوان ئەم هەموو جوانی سروشت دا هەست بە نائومیّدی دەکرد بە جۆریّ کەوای دەزانی ئەمە دواین قۆناخی سەفەرەکەیتی بە نائومیّدی بەریّکەوت بەبیّ ئەوەی بزانیّ بۆ کویّ دەڕوات، پاش کەمیّك ڕۆیشتن له سەر ریّگای خۆی درەختیکی نەی بینی. بە دیتنی درەختەکە وەستا. وورده وورده خۆی له درەختەکە نزیك کردەوە، هەرچی له درەختەکە نزیك دەبووە زیاتر هەست بە ئارامش دەکرد کاتی گەیشتە ژیّری سیّبەرەکەی درەختەکەی گرتە باوەش دەستی کرد بە گریان لەو نەهاڵە پڕ له گوڵەدا تەنیا دەنگی ناڵەی ئەو بوو تەنانەت دەنگی بولبولیش نەدەهات. ئەوانیش بیّ دەنگ ببوون. پاش ماوەیەك گریان لەو پەڕی بیّ دەنگی دا پالیّ بە درەختەکەنا. ئەمە یەکەم جار بوو بە دریّژای تەمەنی تا ئەم ڕادەیە هەست بە ئاسودەیی دەکرد نا ترس و، نا دلەڕاوکیّ، نا نیگەرانی، دەتگوت ئەوەی بە دریّژای تەمەنی بە شویّنی دا ویّڵە دۆزیوەتەوە. له خۆشیا فرمیّسك له چاوەکانی هاتنە خوارەوە، کاتیّ ویستی فرمیّسکەکانی بسریّتەوە ئەو دڵۆپە خویّنەی سەر دەستی ڕاستی بوو سەرنجی ڕاکیّشا، سەرەتا وای زانی دەستی بریندار بوو بەڵام کە بە ووردی لیّی ڕوانی بۆی دەرکەوت کەدەستی بریندار نەبووە، ئەی دەبیّ دڵۆپە خویّنەکە له کویّ هات بیّت ؟ کاتیّ بە سەری پەنجەی خەریك بوو دڵۆپە خویّنەکەی سەر دەستی خاویّن دەکردوە له کاتی نەمانی دڵۆپە خویّنەکە وورده وورده ویّنەی خۆی له ناوەندی لەپی دەستی ڕاستی دا بە دەرکەوت. لەو دیوی ویّنەکەی روخساری ئازیزەکەی وەك زەمینەی تابلۆیەکی شیّوەکاری گشت لەپی دەستی ڕازاندە، روخساری خۆی زۆر گەنجانە بوو ماوەیەك تەماشای دیمەنەکەی کرد، ئیتر هەستی بە تەنیایی نەدەکرد، وای دەزانی ئەوەی بە دوایەوە بوو دۆزیوەتەوە. هەناسەیەکی هەڵکیّشاو تەماشای نەهاڵەکەی کرد، تاچاو بری دەکرد گوڵ بوو، کاتی تەماشای گوڵەکان کرد بە سەر سورمانەوە بینی گشت پەلکە گوڵەکانی ویّنەی خۆی و ئازیزەکەی وەك ئەوەی له سەر لەپی دەستی له سەریانە کە تەماشای دەروبەری خۆی کرد بینی دنیایەك ویّنەی خۆی و ئازیزەکەی نەهاڵەکەی ڕازاندوتەوە، دیسان له شویّنی خۆی دانیشت خەریك بوو بیری دەکردەوە چی روویداوە ؟ ئایا ئەمەی دەبینی خەونە، بڕوای نەدەکرد ڕۆژیّك له ڕۆژان ئەوها ئاسودە بیّت. ئەمە دووەم جار بوو کە هەستی بە بەختەوەری دەکرد، یەکەم جار یەکەم شەوی زەماوەندەکەی بوو، لیّرە بوو کەلەخۆی پرسی بەختەوەری له گەیشتنە یا خود له نەگەیشتن دایە ؟ نەیدەزانی وەڵامەکەی چییە. تەنیا ئەوە نەبیّت کە هەستی دەکرد بەختەوەرە بەڵام له کویّ ؟ بە ڕاستی مرۆڤ له کویّ هەست بە بەختەوەری دەکات ؟ ئەو شویّنەی لیّیە دەبیّ کویّ بیّت، بەهەشت پیّکەنینی بەم شیّوە بیر

کردنەوەی هات بە پێکەنینەوە گوتی " بەهەشتی چی و حاڵی چی، مەگەر نە ئەویە کە دەلێن رووباری شیر و هەنگوێنی تیایە، حۆری لێیە، ئەی حۆریەکەم لە کوێیە؟ " هەر چییەك بوو هەست بە بەختەوەری دەکرد لە کویْ بوو گرنگ نەبوو، لە خۆشییا سەمای دەکرد جار جاریش دەچەماوە پەلکە گوڵەکانی ماچ دەکرد کە وێنەی خۆشەویستەکەی سەر بوو. هەروا کە سەرمەست خەریکی سەماکردن بوو لە ناکاو لە شوێنێکی نادیار لەگەڵ دەستێکی ناسراوی نادیار بە گولەیەك کۆتایی بە ژیانی هات، گولەکەی لەگیرفانی دەرهێناو بەزردەخەنەوە تەماشای کرد پاشان گوتی " دایە گیان قسەکەت زۆر جوانە ئەمە کلیلی گشت نەهێنیەکانە ."

١ / ٣ / ٢٠٠٣

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیر و بۆ چونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت